# عیشقت

کاوەی خەسرەو کاوانی

عیشقت ژیلەمۆی
کوانووی تەمەنی خۆشەویستیمە
گەر کز دەسوتێت ,خۆی دەسووتێنێ ,
هەرگیز تێ نەگەی من بێزارم لێ ی
گڕی عیشقی تۆ کەسەرتاپای من
وەك پۆش دادەگرێ
خۆشترین ساتی خۆشی دەنوێنێ .

# خەمە جوانەکان

ئەو خەمانەی لەباوەشی
تۆی ئازیزدا لە دایك دەبن
هەروەکو خۆت
لەلای من ئازیزو جوانن
ناسکەپەڕەی گوڵە کیویلکەی بەهارین
زۆر جار سووتانی بێ وویستن
کەچی لام جوانترین دیارین .